سەلام ناوخۆش–قوتابی دکتۆرا لە بەریتانیا

# مافی مێژوویی غەیرە کورد بەسەر کوردستان

## پێشەکی:

لەم کورتە نووسینەدا، هەوڵ دەدەم وەك ئەکادیمیەك دوور لەهەستی کوردانەم، لە بوونو مافی مێژوویی هەریەك لەئەرمەنو ئاشوری‌و تورکمان بەسە رکوردستانەوە بدوێم.

ئەم نووسینە لەسێ کورتە بەش پێکدێ. بەشی یەکەم تایبەتە بەفرە رەنگی رەگەزی کورد . باوەڕم وایە کورد هەر تەنها لەمیدیەکانەوە وەپاش نەکەوتوون، بەڵکو لەگەلانی دیش وەك لولوبیەکان، گوتیەکان، سوئیەکانو کاردۆخیەکان. . . هتد. لەبەشی دووەمدا باس لەکوردو غەیرە کورد کراوە. لەم بەشەدا هەوڵدراوە بەبەڵگەی مێژووییەوە باس لەرەسەنی ئاشوری‌و تورکمان بکرێ. لەبەشی سێیەمدا دەکرێ سێ دەوڵەتی ئەرمەنی وئاشوری‌و تورکمانی لەکوردستان دروست بکرێ. دەبێ جوگرافیای کوردستان بەشی چوار دەوڵەتی لێ بکرێ؟ ئەرێ ئەرمەنستانو ئاشورستانو تورکمانستان مافێکی مێژوویی ئەرمەنو ئاشوری‌و تورکمانە لەسەر کوردستان؟! ئەم پرسیارانە تەوەری سەرەکی ئەم بەشەن.

## هەمەڕەنگی ڕەگەزی کورد

زۆر توێژەری غەیرە کورد جەخت لەسەر ئەوە دەکەن، کەکوردستان لانکی شارستانیەت بووە. شارستانیەتیش بەدرێژایی مێژوو هەر تەنها موڵکی تاکە میللەتێك نەبووە. مەسەلەکە رێژەییە، بەواتای دەکرێ میللەتێك رێژەیەکی زیاتری لەشارستانیەتێکی دیارکراو هەبێ، یاخود هەتا دەکرێ دەست پێشخەریش بێ، نەك بەرەهایی شارتانیەتێك بگەڕێنرێتەوە بۆ تەنها میللەتێك.

کەدەڵێین ( کوردستان)، ئەگەر وشەکەش بەواتای (وڵاتی کوردان) (زێدی کوردان) دێت، بەڵام دیارکردنی یەك رەگەزی کوردی کارێکی ئاسان نییە. ئەوانەی لەژێرکاریگەری رای (مینۆرسکی) تەنها میدییەکان بەباپیرەگەورەی کوردان دادەنێن، غەدرێکی زۆر لەمێژووی کۆنی کورد دەکەن. لەکوردستان پێش میدیەکان بەدەیان قەومی تر هەبوونە وەك سۆئیەکان– خەڵکی سۆپارتۆ، لولوبی یەکان، گوتیەکان کاشیەکان،خۆریەکان (حۆریەکان)،میتانیەکان ئۆراتیەکان، نائیریەکان، مانیەکان، کاردۆخیەکان، سکیفیەکان. . . ئەمانە هەر هەمووی بەدرێژایی مێژوو

لەیەك هەرێم نەبوونە،بەڵکو لەهەرێمی جیاجیاو هەتا هەمووش لەیەك ماوە زەمەنیدا نەبوونە. ئەمانە هەرهەمووشیان بەشێك لەرەگەزی کورد پێکدەهێنن. ئەگەر سۆمەرییەکان زیاتر لەباشوری عێراق ناسراون، بەلام یەکێ لە نەتەوە ناسامییەکانن. زمانی سۆمەریش لەکۆنترین زمانەکانی ولاتی نێوان دووزێیە، ئەو زمانە بەرگەی رۆژگاری گرتووەو هەتا دروست بوونی دەوڵەتی ئەکەدیو سەرهەڵدانی زمانی ئەکەدی بوونی هەبووە[1]. کە لەمێژوو و زمانی سۆمەری ورد دەبینەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی دەبێ سۆمەریش کورد بووبن یان هەر هیچ نەبێ یەکێ لەو نەتەوە کۆنانەن کەبەشێك لەرەگەزی کورد پێکدەهێنن. ئەو رەنگالییەی رەگەزی کورد هەقیقەتێکە ناکری نکۆڵی لێ بکرێ، چونکە لەرۆژگاری ئەمرۆش دیالێکتەکانی کورد ئەو راستییە زیاتر دوپاتدەکەنەوە. ئێمەی کورد رشتین لەسەر ئەوەی کە زازایی، لوڕی، هەورامی کوردن هەروەك چۆن سۆرانی، موکریانی، بەهدینی کوردن. لەڕووی ئاخاوتنەوەش ئەستەمە زازاییو هەوارمییەك، لوڕیو بەهدینییەكو سۆرانی و لوڕییەك، سۆرانی و بەهدینییەك لەیەك بگەن. هەریەکەو شانازی بە(کوردێتی) خۆی دەکات!

لەڕووی ئایینیەوەش رێژەیەك لەو هەمەرەنگییە بوونی هەیە. کورد لەسەر هەموو دینەکانی دەڤەرەکەی خۆی بووە.

کورد زەردەشتی،مەجوسی، مانی– مەزدەکی بووە. هەر چەندە جولەکایەتی وەك جولەکە دەڵێن دینێکی تایبەتە بە جولەکەوە کورد لەسەر ئەو دینەش بووە، هەروەها کوردێکی زۆر بۆماوەیەکی زۆر لەسە ردینیعیسا بوونە. لەپاش موسلمانبوونیش ئەوا هێشتا رێژەیەکی کەم کاکەییو یەزیدین!

## کوردو غەیرە کورد

وەك وتمان کورد فرە رەگەزو هەتا فرە دین بووە. با بەپرسیارێك مەسەلەی (کوردو غەیرە کورد) یاخود (موسلمانو غەیرەموسلمان) بوروژێنین: ئایا جولەکەو مەسیحیو تورکمانەکانی کوردستان غەیرە کوردن؟!

لەکۆنەوە جولەکە لەکوردستان هەبووە. د. ئەحمەد سوسە باوەڕی وایە (کۆنترین بوونی جولەکە لەباکوری عێراقدا – باشوری کوردستان– دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ئاشووری، کەنزیکەی 300 ساڵ درێژەی هەبووە لەنێوان سالانی 911و 636 ی پ.ن)[2]. لەکوردستانیش، هەرچەندە ئەو جولەکانە ژێر دەستەو کۆیلەبوونە، بەلام زۆربەی سەرەك خێڵە کوردەکانی کوردستان پشت وپەنایان بوونو دەیانپاراستنو پشتگیریان لێ دەکردن[3]. لەم دوو دەقەدا وادەردەکەوێ،

کەئەو جولەکانە  غەیرە کورد بووینەو لەگەڵ  (نەبو خەزنەسەر لەکێشە دابووینە.

وێڕای ئەمەش هەر لەناو کوردان کوردی جولەکە هەبوون وەك کوردی مەسیحیو زەردەشتی کەوتوونەتە ژێر ستەمی دەوڵەتی ساسانی، بەتایبەتی لەسەردەمی شاپوری یەکەم وئەردەشێری دووەمدا. تاکو ئێستاش چەندان مالبات هەن ناسراون بە ( بن جو).

هەر چی مەسیحی یەکانن – چ ئەوانەی بەدروستی لەسەر دینی عیسا پێغەمبەرن، چ ئەوانەی باوەڕیان (بەلەخاچ دانی مەسیح هەیە)– لەسەردەمانێکدا بەشێکی فراوانی کۆمەڵگای  کوردیان پێکهێناوە. سرگیس ئاغاجان– کە خۆی مەسیحیی‌یە– لەناملیکەی (کوردە مەسیحییەکان لەسەردەمی ساسانیی‌یەکاندا) دەقێکی پەیمانی نوێ، بابی دووەمی ئینجیلی مەتی دێنێتەوە باس لەچۆنیەتی گەیشتنی مەسیحیەت  بەکوردان دەکات، بەواتای بەپێی (ئینجیل)  کورد یەکێ لەو میللەتانەیە کەبەخۆی هێشتی خۆی تەقەبولی مەسیحیەتی کردوە. هەر لەوبارەیەش– بۆ دووبارە بەمەسیحی کردنەوەی کورد– کتێبێك لەکوردستان بلاْوکرایەوە بەناوی ( کورد دناڤ ئینجیلو تەوراتێ دا)،ئەمەو چەندەها پیاوی مەزنی کورد لەمەسیحیەتدا هەڵکەوتوون وەك پتیۆن ناسراو بەمارپتیۆن، مارسابا ، عەبدویشوع،مار قەرەداغ ومارئابا ،برهاد بشابا.[4]. بێگومان هاوکات لەگەڵ  مەسیحی بوونی کورد ، ئاشووری ئەرمنیش هەبوون. بەواتای لەپاشان هەروەك چۆن ئاشووریو ئەرمەنی مەسیحی بوون، بەشێك لەکوردیش لەسەر دینی مەسیحیەت بوون. بەلاْم  پێویستە ئاماژەش بەوەبکرێ، کە لەساڵی 612ی پ.ز میدیەکان و کلدانیی‌یەکان لەهاوپەیمانێتی یەکانی عەسکەریدا هێرشیان کردە سەر ئاشووریی‌یەکانو پایتەختەکەیان گرتو کەوتنە قڕانی ئاشووری. هەندێ باوەڕیان وایە کەئەو هەرەسە سیاسیو عەسکەری یەی ئاشووریی‌یەکان وایکرد جارێکی تر ئاشوری ڕاست نەبنەوە[5]، بەلاْم باوەڕمان وایەو شیمانە دەکرێ هەندێ لەئاشووریەکان بەحوکمی هاوسنووری لەگەڵ کوردان لەچیاکانی کوردستان. کۆمەڵی بچوکیان هەرمابێ!

لەئیسلامدا (لا اكراه في الدين) هەیە، هەروەها لە ئایەتێکی دی قورئانی پیرۆزدا هاتووە، کەئیسلام بە هیچ جۆرێ عەقیدەو (عیبادە )ی خۆی بەسەر غەیرە موسڵمان ناسەپێنێ[6]: (أفانت  تكره الناس حتى يكونوا مؤمنين ) سورەتی یونس ئایەتی (99).

هەروەها جولەکەو مەسیحی ئەهلی کتابن، بۆیان هەیە لەوڵاتی ئیسلامدا پەیڕەوی دینی خۆیان بکەن. هەر ئەمەش وایکردووە هەرلەسەردەمی وڵاتگیری ئیسلامیدا کوردە مەسیحیی‌یەکانو ئاشورییەکان یاخود (ئاسوریی‌یەکان) هەر لەسەر دینی خۆیان بمێنن. لەکوردستان چەندەها بنەماڵە هەن– کەئێستا موسڵمانن– لەکۆندا فەلە– دیان– یاخود مەسیحی بوونە،بۆیە نەوەکانیان ناسراون بە (بن دیان)، بۆیە من باوەڕم وایە جولەکەو مەسیحیی‌یەکان کوردستانی فرەرەنگی رەگەزی  کوردوغەیرە

کوردن. بەواتای ئەگەر هەموو جولەکەو مەسیحیەکانی کوردستان لەرەگەزدا کورد نەبن، بێگومان بەشێکیان کوردن. داب و نەریتی هەموو مەسیحیەکانیش وەك یەك نییە، ئەوانەی لەگوندەکانی کوردستانو ناوچەی شەقلاوەو حەریرو دەشتی دیانو دیانەنەن، کوردێتیان زیاتر پێوە دیارە نەك ئەوانەی ناوشارەکان.

بەدرێژایی مێژوو ئەومەسیحیانە، یاخود غەیرە دینانە ئەوانەی لەسەر ئاینی ئیسلام نین- تەنیا لەسەردەمی میر بەدرخانو سەردەمی ئیتحادو تەرەقیەکان نەبێ هیچ کێشەیەکی دینی یان لەگەڵ کورد نەبووە. ئەوەی سەردەمی میر بەدرخان بەفیتی موبەشیرەکانو دەوڵەت بوو،ئەوەی سەردەمی ئیتحادیەکانیش" ئەوا دەستی دەوڵەتی لەپشت بوو، ئەگینا هیچ کێشەیەکی ئاینی لەکوردستان لەئارادانەبووە. هەتا کوشتنی (مارشەمعونیش) کێشەیەکی سیاسی بوو نەك ئاینی.

ئەو مەسیحیانە ئەگەر خۆیان بەخۆهێشتی خۆیان باوەڕیان بەوەنەبێ، کەبەشێکیان لە ڕەگەزی کوردن، ئەوا لەبەکوردیکردنی مەسیحیەکاندا کورد وەك نەتەوەیەك هیچ سودێك ناکات. ئێمەی کورد کێشەی ژمارەمان نییە. نابێ عەقڵیەتی کوردی وەك عەقڵیەتی عەلمانی دەسەلاتداری عەرەبی بێ. ئەرێ عەرەب بەرامبەر بەئیسرائیل کێشەی ژمارەی هەیە، کەچی شەڕی کوردی دەکردو دەیویست کورد لە بۆ دەقەی عەرەبایەتی بتاوێنێتەوە؟! بۆیە مەسیحیەکان - ئەگەر زۆربەی کورد نەبن" ئەوا هاوولاتی کوردستانن.

دەبێ تورکمان چی بن؟! ئەرێ کوردن یان غەیرە کورد؟ هەندێ تورکمان زۆر جەخت لەسەر ئەوە دەکەن، کەهەر دوو شاری سەرەکی باشووری کوردستان (هەولێر)و (کەرکوك) دووشاری تورکمانین!!

هەولێر یاخود ئەربل، ئەربائیلو، حدیاب، ئەربیل چەندان ناوی ترن بۆ ئەو شارە دێرینە. کەرکوکیش بەچەندەها ناو ناوی لەکتێبە مێژووییەکاندا هاتووە وەك ئاراپخا، ئارافا، باش گەرمە، سەربەگ .

ئەو توێژەرانەی لەبارەی مێژووی کۆنی ئەو دەڤەرەیان نووسیوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن، کەگەلانی (لولوبیەکان) یاخود (خوریەکان) شاری کەرکوکیان دروست کردووە. ئەو دووگەلە دووگەلی هەرەناسراون کە لەکوردستان ژیاون وپەیوەندییەکی بەتینی شارستانیو زمانیی یان لەگەڵ کورد هەیە[7].

میدییەکان - کەبەدیدی (مینۆرسکی) باپیرەیکوردن- لەدیدی سەرچاوەی عێراقی رەسمی سەردەمی پاشایەتی گەلێکی ئارییو لەباکوری عێراقدا ژیاون[8]. هەتا کۆمەڵە مامۆستایەکی زانکۆیی میسری لەساڵی 1961 بەئاشکرا دان بەوە دەنێن کەرکوك لەکۆندا پایتەختی کوردان بووە: کورد لەرەگەزێکی باکوییەو دەوڵەتێکی کۆنیان هەبووە، کە پایتەختەکەی ئاراپخا (Arapkha)

کەرکوکی ئێستا بووە[9].

ئەحمەد تۆفیقی مێژوونووس تورك –یش دەنووسێ: رەگەزێکی ئاری هیندۆ ئەورووپی، کەبە (قاسۆیا) یاخود (کاشو) ناسراون لەبەشی رۆژهەلاتی دجلە دەژیانو هاوچەرخی سۆمەریو ئەکەدیەکان بوون وئەمرۆ پێیان دەوترێ کورد[10].

ئەمە تەنیا بەشێك لەمێژووی کۆنە ئەمەو نووسەری دی غەیرە کورد هەر ئەو راستیەیە دوپاتدەکەنەوە، کە تاهاتنی هەردوو قەبیلەی تورکی قەرە قوینلو –مەڕی رەش– وئاق قۆینلۆ– مەڕی سپی– کوردستان بەگشتی و ئەودووشارە تاکە خێزانێکی تورکمانی تێدا نەبووە. یوسیپ چیرنیکی رووسی دەربارەی دانیشتوانی شاری کەرکوك دەنووسێ: دانیشتوانی کەرکوك (12–15) هەزار کەسی لیٚ دەژی جگە لە چل خێزانی ئەرمەنی، پاشماوەی خەڵکی شارەکەش کوردن[11].

شەمسەدین سامی لەئینسایکلوپیدیاکەیەدا دەنووسێ: ( ژمارەی دانیشتوانی کەرکوك سی هەزار کەسە، سێ لەسەر چواریان کوردن، ئەوانی دیکە تورکمانو عارەبو لەنەتەوەکانی دیکەن[12]. ئەو قەبلاندنو سەرژمێریانەی لەسەردەمی پاشایەتی عێراقدا کراوە، لەگەڵ ئەوەی لەسەردەمی عوسمانیەکاندا بەزۆرەملێو لەرێگای کاری میریو ژنو ژنخوازییەوە تورك هێنراوەتەوە شارەکەو، هەروەها دەسەڵاتی عەرەبی عێراقی درێغی نەکردووە لەبەعەرەبکردنی شارەکە– دوپاتی ئەوە دەکەن، کەهێشتا رێژەی کورد لەو شارە لەهەر رەگەزێکی دی زیاتر بووە. خەملادنەکەی لێژنەی بەدواداچوونی کۆمەلەی گەلان (عصبه الامم) رێژەی کوردی لەلیوای کەرکوك بە (5و42٪) وعەرەبی بە(32٪) داناوە . لەسەرژمێری 1947 رێژەی کورد (52٪) لە 1957 بۆتە (4و48) هەتا لەپاش کودەتاکەی هەشتی شوباتو سەردەمی هەردوو عارف رێژەی کورد هێشتا لەعەرەبو تورکمان زیاتر بووە کورد (8و34٪)، عەرەب (6ر30٪)،تورکمان (2و24٪)[13].

لەسەردەمی بەعس 1968 – 2003، رژێم سیاسەتی پاکتاوکردنی رەگەزی لەو شارە بەکارهێناوەو چەندەها بەلگەنامە هەن کە بەهەزاران خێزانی کوردی لەوشارە دەربەدەرکردووە، هەروەها زۆری لەچەندەها خێزان کردووە کەنەتەوەی خۆیان بگۆڕن[14].

هەرچی لیوای هەولێرە هەرلەسەردەمی زەردەشتیو مەجوسیو جولەکەو مەسیحیەکاندا بەشێك بووە لەولاتی کوردان. مێژوونووسەئیسلامییەکان وەك ( ئیبن مستەوفی) و(ئیبن حوقل)و (ئیبن الاپیر) بەهیچ جۆرێ باس لەبوونی تورکمان لەهەولێر ناکەن. عبدالقادر گلیان لە (تاریخ اربل) لاپەرە (195) دەنووسێ: (وسكان هضبة اقليم اربيل كلهم اكراد)[15]. لەسەردەمی میرنشینە کوردیەکانیشدا ئەو دووشارە تاکو تەریك نەبێ تورکی لیٚ نەبووە. میرنشینەکەی بابان کە کەرکوکو هەولێرو بەدەیان شاری دی کوردی گرتبۆوە لۆنگریکی والیکردووە ئەو میریشنە بەئەمپراتۆریەتی

سلێمانی ناوببات[16]. هەرچی میری سۆران بوو، پاش ئەوەی سەفەوییەکان لەهەردووشاری کەرکوکو هەولێر لەژێر دەستی سەفەوییە شیعەکان دەردێنیّ[17]" جارێکی تر هەردوو شارەکە دەخاتەوە ژێر دەستی خۆی.

بوونی تورکمان لەهەندێ شاروشارۆچکەی کوردستان هاوکات بووە لەلایەك بەکۆچی تورکەکانو، هاتنی سوپای عوسمانی بۆ دەڤەرەکە. سەبارەت بەخاڵی یەکەم- کۆچی تورکەکان بۆکوردستان، دکتۆر (محمد گە جاسم) دەنوسێ: **تورکەکان بەشێکن لەهۆزی تورکیو لەتورکستانی ناوەڕاستی ئاسیا دەژیانو لەترسی غەزو جەنگیزخان بۆ دەڤەرەکەیان، ولاتی خۆیان بەجێهشتووە، هەندێکیان کۆچیان کردووە بەرەو ئێران وهەندێکیان بەرەو باکوری عێراق**[18]. لەساڵی 1514 سەفەوییەکان ببوونە فاکتەرێکی هەڕەشە لەسەر دەوڵەتی عوسمانی وکورد . هۆکاری مەزهەبی رۆڵێکی سەرەکی بینی لە کۆکردنەوەی عوسمانیو کورد لەبەرامبەر سەفەوییەکاندا . مەلا ئیدریسی بەدلیسی لەگەڵ سوڵتان سەلیم رێکەوت، کەئەگەر بەسەر سەفەوییەکان سەرکەوتن، ئەوا میرنشینە کوردەکان سەربەخۆیی خۆیان دەبێ تەنها لەڕووی کارگێری یەوە سەر بەدەوڵەت دەبن . قەدەر وابوو بەدلیسیو سوڵتان سەلیم زوو مردن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەتا سەدەی نۆزدەهەم هیچ ئاڕێشەیەکی ئەوتۆ لەنێوان سوپای عوسمانی ومیرانی کورد بەرپا نەبووە. بێگومان لەو ماوە زەمەنیەدا 1514-1851، بەسەدان تورك لەئیدارەو کارگێڕیو سوپا لە کوردستان بوونەو ئەو فەرمانبەرو ئەفسەرو سەربازانە ماڵو منداڵی خۆیان هێناوەتە ناوچەکەو، ژنو ژنخوازی لەنێوان تورکو کورد ڕوویداوە لەئاکامدا ئەو کوردانەی لەداموو دەزگای دەوڵەت بوونە فێری تورکی بوونەو بەرەبەرە زمانو دابو نەریتی خۆیان لەدەست داوەو بوونەتە تورك مان یاخود پیاوی تورك یاخود کوردی تورك زمان. هەرچەندە زۆربەی زۆری خێزانە ئەریستۆکراتەکانی کەرکوك وهەولێر لەرەسەندا کوردن" بەڵام فاکتەری . . (کورد بوون) لەسەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیدا بەتایبەتی لەپاشڕووخانی میرنشینە کوردەکانی بەدرخان، بادینانو سۆرانو بابان لەقازانجی ئەواندا نەبووە. هەرلەو بارەیەوە رۆژهەڵاتناسی جۆرجیایی (ئەلبەرت مینتیشا شفیلی) گوتویەتی: بەشێك لەخێزانە ئوروستکراتییە دەسەڵاتدارەکانی شاری کەرکوك لەریشەدا کوردن، ئەگەرچی خۆیان بەتورك دەژمێرن لەوانە نەوتچیەکان، بەعقوبیەکان، قیردارەکان وهەندێکی دیکەش، کەدەگەڕێنەوە سەر هۆزی زەنگەنەی کورد[19]. هەرچی بنەماڵە تورکزمانەکانی شاری هەولێرن لەسەدا نۆوەدی کوردنو ئەوانی تر دەگەڕێنەوە بۆ چەند رەگەزێکی دی وەك هیندو پاکستانیو ئەرمەنی،عەرەبی، چەرکەسی یاخود جولەکە[20].

بەدیدی من بەشێك لەتورکمانەکان لەرەسەندا کوردن، یاخود رەگەزی ترن هەندێکیشیان تورکن، یاخود هەروەك خۆیان پێیان خۆشە تورکمانن. کورد تەمەنێکی زۆر هەر لەسەردەمی سۆمەریو گۆتیو

هەخامەنشینەکانەوە لەژێر ستەم ژیاون و لێرەولەوێ تووشی پاکتاوی نەژادی هاتوون، بۆیە ستەمەگەر کوردێ هەبێ باوەڕی بەوە بێ، کە ئەو کەسەی بەخۆی دەڵێ (تورکمان) بیچەوسێنێتەوە، یاخود داوای گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی لێ بکات! بەڕای من تورکمان هەموو کوردیش بن زۆر لەمەسەلەکە ناگۆڕێ، چونکە کورد کێشەی ژمارەی نییە، بەڵکو چەند دیاردەی جۆراو جۆری (تنویع) لەوڵاتێکدا هەبێ ماهیەتی دادوەری زیاتر ئاشکراو بەرچاو دەبێ. . . جائەگەر هەندێ تورکمانی توندڕەو بەپاڵپشتی دەرەکی ئاژاوەو ئاشوب بۆ کورد وئەزموونی دەسەلاتداری کورد دروست نەکات، ئەوا کوردو دەسەلاتی کورد کێشە بۆ تورکمان وەك کەمایەتییەکی نەتەوەیی لەکوردستان دروست ناکات؟!

# سێکۆچکەی
# ئەرمەن و ئاشوری و تورکمان و
# دەوڵەتی نەتەوەیی لەکوردستان

ئەمرۆ دوای هەرەسی بلوکی سۆشیالیزمو راگەیاندنی سیستەمی یەك لایەنەی نوێی جیهان، مەسەلەی ئایدیۆلۆژیا جارێکی تر هەوڵ دەدا لەچوار چێوە نەزەریەکەی دەربچێو ببێتە حەقیقەتێکی ئەمری واقیع. ئەم دیاردەیە لە رۆژهەلات زۆر جۆش دەدرێ. وەنەبێ ئامانجێکی ستراتیژی گەلانی ناوچەکەبێ، بەڵکو هەربۆ ئەوەی رۆژهەلاتی ئاسایشی سیاسی و لە پاشان ئابوریش بەخۆوە نەبینێ. کەباس لە ناسیونالیزمیش دەکرێ، جارێکی تر چەمکی (نەتەوەی مەزن) دەوروژێندرێت لە دیدی بابای ناسیونالیزمیش نەتەوە پەسەندی،دەبێتە عەقیدەیەکی پیرۆزو دۆگمایەکی ئەزەلی. ئالێرەدا مەسەلەی نەفی کردنی بەرامبەر دەبێتە شتێکی حەتمی!

ئەم راستییە لەو بازنەیە دەرچوو بە(وەلامی ئامادەکراو) رەدبکرێتەوە، ئەگەر وانەبێ دەبێ چ تەفسیرێك بۆ نازیەتو فاشیەت ویەهودیەتو (العروبە)و (تتریك) و (تفریس) بکرێ؟! بەواتای لەجیهانبینی ناسیۆنالیزمدا وا دەفامرێنەوە، کە هەموو شتەکان لەسەر بنەمای ململانێی دژەکان دامەزرابێ، ئەم راستییە، ئەو کاتە زێتر دەچەسپێ، کەخودی مرۆڤ جیهانبینی شامیل فەرامۆش دەکاوو هەموو مرۆڤو جیهان بەگشتی لەبیری تەسکی خۆی بچووك دەکاتەوە. بەمەش، بابای ناسیونالیست دان بە قەبارەی نەتەوەکەی خۆی ناهێنێ، بەڵکو هەموو شتێکی نەتەوەکەی لەلادەبێ بەدۆگمای پیرۆز، تەنانەت بەهانەو پاساوی ناما قولیش بۆ بۆچوونو هەلۆیستەکانی دەهێنێتەوە.

لەو دەرگایەوە دەمەوێ ئامازەیەك بۆ (مافی مێژوویی) ئەرمەنو ئاشوریو تورکمان بەسەر کوردستانەوە بکەم. لێرەدا نامەوێ هیچ دەربارەی ناسیونالیستی عەرەبو تورك وفارس بلێم، چونکە

ئەوانە  زۆریان لەسەر وتراوە لەلایەك، دووش لێرە مەبەستی من نییە جارێکی تر خۆم لەم باسە بدەم. مێژوویی کوردو  ئەرمەن لەزۆر شتدا لەیەك  نزیکن. پەیمانەکەی 1639(پەیمانی زەهاوی)هەرلەمەر داگیرکردنو دابەشکردنی کوردستان نەبوو، بەڵکو بەپێی بەندەکانی هەمان رێکەوتنامە، بەشی رۆژهەڵاتی ئەرمەنیا کرا بە بەشێك لەئەمپراتۆریەتی سەفەویو بەشی رۆژئاواش خزێنرایە نێو قەڵەمڕەوی عوسمانی. ئەوبەشەی ژێر دەستی فارسەکان، لەئاکامی بەزینی ئەرتەشی ئێران لە شەڕێکی  دووساڵی (1826–1828) دەگەڵ روسیای قەیسەری ، بەگوێرەی رێککەوتنامەی تورکمانچی 1828،درا بەروسیاو بووە بەشێك لەئمپراتۆریەتی قەیسەری[26]. پاش ئەوەی روسیا ئەو بەشەی ئەرمەنستانی دەست کەوت لە بەهانەیەك دەگەڕا بەناوی ئەرمەن دەست لە کاروباری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی وەربدات. بەواتای  مەسەلەی ئەرمەن لەلای روسەکان  بووە کراسی عوسمان لەمەش زیاتر  لەچارەگی سێ یەمی سەدەی نۆزەدەهەم دەوڵەتانی ئەوروپا، کە دەورێکی  گرنگی یان بینی لەبڵاوکردنەوە و جۆشدانی بیری نەتەوەییو دەوڵەتی نەتەوەیی لەناو ئەرمەنو ئاشوریەکاندا، بەپێی رێکەوتنامەی بەرلەین 1878،توانیان  جۆرە پرۆژەیەکی حوکمی زاتی ئەرمەنی لەسەر کوردستان بسەپێنن[22]. هەروەها لەروانگەی ئەرمەنیەکانیش، ( کورد نەیتوانیوە پێ بەپێی شارستانیەت بڕوات، هەمیشە لەسەر دابو نەریتە کێوییە سەرەتایی یەکانی خۆی ماوەتەوە[23]. بەواتای ناسیونالیستی ئەرمەن بە پاڵپشتی ئەمپراتۆریەتی روسیا ویستویەتی ئەو بەشەی  ئەرمەنیای نێوئەمپراتۆریەتی عوسمانی دەگەڵ بەشێك لەکوردستان بۆخۆی دابڕێ.  بیرۆچکەی (دەوڵەتی ئەرمەنیای گەورە) ئەرمەنی بەرەو هەڵدێر دەبرد. ئەمەو  وەنەبێ ئەرمەنی یەکان خۆیان ئەو راستییە نەفی بکەن، کەبەناو مافیمێژوویی یان بە سەرکوردستانەوەهەیە، ئەوەتە لەتۆمارەکانی خۆیان بانگەشەی  ئەوە دەکەن، کە (هیچ مەڵبەندێك لەجیهاندا بەقەد مەڵبەندەکانی (وانو بەدلیسی) ئەرمەنی نین[24]. هەروەها بەناوی ئەوەی بەشێك لە خاکی  ئەرمەن بەزۆر بەکورد کراوە دەڵێن: (ئەونیشتمانە – کوردستان– چەندین سەدەیە نەتەوەیەك لەسەر دەژی وەکو ئێمەی ئەرمەن لە رەگەزی ئاینو ئێمەش هەست دەکەین، کەئەو نەتەوەیە زیاتر لەئێمەوە نزیکن وەك تورك، بەلام هەرچەندە کەبەشێکی  ئەونیشتمانەیان – خۆ هەربەدەستی ئەرمەنی یەکانی چاخە کۆنەکان ئاوەدان کراوەتەوە ئەمرۆ بەزۆری بە ئیسلام کراوەو  بەکورد کراوە(25) کاتێك شەڕی یەکەمی جیهان هەڵگیرسا سەرانی ڕۆس مژۆڵی جۆشدانی ئەرمەنییەکانی  دەوڵەتی عوسمانی بوونو دەیانویست لەسەر حسێبی کورد دەوڵەتی ئەرمەنیای گەورە دابمەزرێنن. بۆ راپەڕاندنی ئەم پرۆسە ئیمپریالیە وچەندان کاری ستراتیژی دی، لەنێوان ساڵانی 1908–1914 ز نزیکەی  دەهەزار خەبیرو سەربازیان لەناوچەی ئازەربایجان مۆڵ دابوو(26).

ئەمەو وەنەبێ رۆژئاواییە یەکانیش هەر هەمان هەڵوێستی روسیا یان نەبووبێ لەسەر دابرینی بەشێکی کوردستان بۆ ئەرمەن، ئەوەتە ئەنجومەنی باڵای هاوپەیمانەکان، کەپەیمانی سیڤەری دەکرد، هەرچوار ویلایەتی تەرابزۆن وئەرزەرۆمو وان وبەدلیس یان بۆ ئەرمەن دانا [27] ژەنیرال شەریف پاشای نوێنەری کورد بۆکۆنگرەی ئاشتی لەدەرەوە دەرکی بەوپیلانە کردبوو،هەر بۆیە لەهەردوو رۆژنامەی Le Tem Psو matin دەنوسێ: ( لەدوای شەڕ راوەستان لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، وڵاتی کوردان بۆتە نیچیرێك،هەم رێکخەرە سیاسییە ئەرمەنییەکانو هەم هەندێك لەهێزە هاوپەیمانەکان مرخی خۆیان لێی خۆش کردووە. [28] لەو لاوەش (مێجەر نوئێل) کە هندێك بەلۆزانسی کوردی نێودەبەن لە یاداشتەکانیدا دەنۆسێ: (ئەگەر بێتو بتوانرێ کوردەکان بکرێنە(مەسیحی) ئەوە دەرفەتی پێکەوە ژیانی کوردو ئەرمەن زێتر دەرەخسێت). [29].

ئەرمەنەکان، بەوعەقڵیەتە عەسکەری یە مامەڵەیان دەگەڵ کورد دەکرد، ئەمە وەنەبێ، ئەرمەنەکان خودان ئەودەسەڵاتە عەسکەرییە ببون، کەبتوانن هەم لەبەردەم هەڕەشەی ناسیۆنالیستی تورك، هەم بەزەبری چەك ( مافی مێژووی ) خۆیشیان لەکوردان بستێننەوە، بەڵام ئەصلی مەسەلەکە بریتی بوو لە سەپاندنی دەسەڵاتی ڕووسی لەناوچەکەدا. بەواتای بەرژەوەندی روسیای کۆنو سۆڤیەتی نوێ لەوەدا بوو کە وەرەقەی ئەرمەن لەدژی هەڕەشەی هاوپەیمانەکانو دەسەڵاتی تورکیا بەکاربێنێ. هەر گەلێك بریاری سیاسی بەدەست خۆی نەبێ، وەك ئەرمەنی بەسەر دێ. ئەو روسیایەی چەند ساڵێك بەناو پاڵپشتی ئەرمەنی دەکرد، هەرکاتێك بەرژەوەندی لەوەدا بوو، کە لەگەڵ تورکان هاوپەیمان بێ پشتی لەئەرمەن کرد. لە ئاکامیشدا ئەرمەن بەدەردێك بران، سۆڤیەتو رۆژئاواش بەهانایان نەهاتن!!

کوردو دەسەڵاتی کوردی (هاوسێتی) هەتا (هاوپەیمانێتی) ئەرمەنی قەبوولە، بەڵام دابڕینی بەشێکی کوردستان بەناوی مافی نەتەوەیی، یاخود مافی مێژوویی بۆ دامەزراندنی (دەوڵەتێکی قەومیی) لەسەر خاکی کوردستان مەحاڵە. ئەگەر عارەب وتورکو فارس بەناوی (دین) توانیبیان ئەو زوڵمە مێژووییە لەکورد بکەن وهەرلەکۆنەوە بەناوی (برایی دینی) و (مێژووی هاوبەش) هەر براگەورەی کورد بوونە، ئەوان ئاغاو کورد سەپانو کرمانج! بەڵام ئەرمەن وێرای زوڵمی هاوبەشی وەك تورك وعارەب وفارس، ئەرمەنەکان ( غەیرە دینیش)بن، مەسەلەکە دووقات دەبێ کورد هەر چەوساندنەوەی نەتەوەیی بەس نەبوو، چەوساندنەوەی دینیشی بێتە سەر. رۆناکبیری کورد حاجی قادری کۆیی لەسەردەمی خۆی هەستی بەو پیلانەی ئەرمەنەکان کردووە، بۆیە هاواری وەبەر سەرانی کورد هێناوە، کەئاگاداری ئەو پیلانەبن:

**خاکی جزیرەو بۆتان یانی وڵاتی کوردان**

سەد حەیف وسەد مخابن دەیکەن بەئەرمەنستان

هیچ غیرەت نەماوە، سەد جار قەسەم بەقورئان

پەیدا بێ ئەرمەنستان نامێنێ یەك لەکوردان(30)

پیاوانی ئایینی ئەرمەنی لەرێگای وەرگێڕانی ئینجیلەوە، هەروەها هەندێ لەسەرانی ئەورووپا هەولی زۆریان داوە (کیانێکی ئەرمەنی) لەکوردستان دابمەزرێنن، بەلام ئەو هەموو هەولانە هەربەپاشاگەردانیو نەهامەتی ئەرمەنی تەواو بوو، کوردیش بەشێکی زۆری ئەو زولمەی بەرکەوت.

دەکرێ (کیانێکی ئاشوری) لەکوردستان دابمەزرێ؟! پێشتر وتمان مەسیحیەکانی کوردستان چ کلدانی بن، یان ئاشوری هەندێکیان لەرەسەنەدا کوردن، گیانی لێبوردەیی ئیسلام وایکردووە ئەو کوردە مەسیحیانە هەر لەسەر دینی خۆیان بنو پەیڕەوی رێورەسمێ دینی خۆیان بکەن. هەرچەندە هەندێ سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن. کە ئاشوورییەکان وەك هەولێری دەڵێن ( تۆوسۆیان) لەدوای ڕوخانی نەینەوا و ئاشور نەماوە. بەلام گریمان بەشێك لەو ئاشوریانە ماون ئایا (ئاشورستان) کوردستان بووە؟! ئایا لەسەردەمی ئاشوریەکاندا میدیاکان ئەمپراتۆریەتێکی گەورەیان لەکوردستان نەبووە، هەر ئەوانیش نەبوون دەوڵەتی ئاشوریان بەهاوکاری کلدانیەکان یاخود بابلیەکان ڕوخاند؟! چ ژیریەك قەبولێ دەکات ولاتێك هەبێ لەدەلاوە بەسنوری میللەتێکی دی دەورە درابێ!!

لەگەڵ ئەمەشدا دەسەلاتی کورد نکۆلی لە مافی نەتەوەیی و دینی مەسیحیەکان ناکات. ئەوەتە پێنج مەسیحی لەپەرلەمانی کوردستان هەن، هەروەها وەزیرێکیش لەحکومەتی هەرێم هەیە. لەڕووی یاساییەوە قورسایی ئەو پێنج دەنگە کاریگەرێکی زۆری هەیە لەسەر چارەنووسی کوردستان!

دەکرێ کیانێکی ئاشوری لەبەشێکی شەقلاوەو کۆیەو دیانەو عەنکاوەو دهۆكو زاخۆ دروست بکرێ؟! خۆ ئەو هەموو دەڤەرانە لەکۆنیشدا هەرکوردی بوونە لە سەردەمی ئاشوریەکانیش لەژێر قەلەمڕەوی میدیەکان دابوونە؟! بێجگە لەهەندێ ڕەگەزی توندڕەوی ئاشوری، هیچ مەسیحیەکی کوردستان لە وەهمی ئاشورستان لەکوردستان ناژی!

ولاتی تورکمانو دولەتی تورکمان لەباشوری کوردستان. لەدوای ڕاپەڕین، هەندێ حیزبی تورکمانی نەخشەیەکیان بلاوکردەوە بەو بیانووەی ئەوە ولاتی تورکمانەو دەبێ دەولەتی تورکمانیش لەو ولاتە بێ. بەگوێرەی نەخشە کە زۆربەی هەولێرو کەرکوك و کفریو تەلەعفەرو توزخورماتوو داقوق. . هتد زێدی ڕەسەنی تورکمانن. بەگوێرەی نامیلکەی اربل – اربیل خاکی تورکمان لەهەولێر بەم شێوەیە: لەباکور جبل الاکراد – چیای پیرمام ، لە خوارووش، زنجیرە گردی (زرجزوان داغ)– زورگەزراو– لە ڕۆژهەلات (در دوان داغ)– دێدەوان– لەرۆژ ئاواش (دەمیر داغ)– ڕەشکێن– ودەشتی

(شمملـك) – شــەمامك[31]. هــەروەها ســەبارەت بــەناوەوەی شــاری هــەولێریش شــتێکی زۆر ســەیر دەنووسیَ لەسی مەتری بەرەو ناوەوە تورکمانن، ئەوانی تر کورد.

پێشتر بەکورتی باسی هـەولێرمان کـرد کەهـەر لەسـەردەمی میدیو وساسـانیو ئیسـلامی هـەتا عوسمانی هەرێمێکی کوردی بووەو لەدوای سەدەی سێزدەو، بەتایبەتی لەسەدەی هەژدەو نۆزدە تـاك تاك بنەماڵەی تورکی بەهۆی دەسەلاّتی عوسمانیەوە لەهەرێمەکەدا دەرکـەوتوون. دامـان نـا هـەولێر پایتەختی تورکمان بیَ، دەبیَ چ کیانێك بیَ کەچواردەورەی سەد لەسەدی کوردی بیَ؟!

لەڕاستیدا بوونی تورکمان لەکوردستان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (موورادی چوارەم) کەرێگەیەکی لەتورکیاوە بۆ بەغدا دانا، لەم رێگەیەدا چەند بنکەیەکی سەربازی دروست کرد بـۆ ئـەوەی رێبوارەکـان بەئاسانی هاتو چۆ بکەن [32]. هەر لەساڵی 1221 هەتاساڵی 1918 ئەوانەی عێراقیان داگیرکردووە. هەر لەمەغۆلەکانی ئیلخانی تا دەگاتە دەسەلاّتی ئیتحادو تەرەقی تورکی، بەتورکی قسەیان کـردووەو تورکی یان سەپاندووە بەسەر خەڵکی عێراق بەگشتی. (33) لەنـەزەری هەنـدیَ تورکمـانی تونـدڕەو ئـەوەی بـەتورکی قسـە بکـات لەرەسـەندا تورکـە، بـەلاّم لـەڕووی زانسـتیەوە ئـەوەهیچ بنەمایـەکی زانستیو ئەکادیمی نیەیە. هەتا بوونی گەلێکیش لەناوچەیەك لەماوە زەمەنی یەکدا ماناى وانیـە ئـەو ناوچەیە هی ئەو گەلەیە. کورد هەر لەسەدەی دوازدەوە لە(مصر)و (ئـوردن)و (فەلەسـتین)و (لوبنـان) دەژین، بەلاّم هیچ کوردێك بانگەشەی ئەوەناکات کەبەشێك لەکوردستان لـەو ولاّتانـە هەیـە. هـەروەها رێژەیەکی زۆر کورد لە (ئەستەنبول) و (دیەمشق) و (بەغدا)و ( تەهران) دەژیو هیچ کوردێك ئەو چـوار شارە بەولاّتی خۆی نازانیَ. لەسەردەمی سـەلاحەدین زۆر دەوڵـەتی عـەرەبی ئـەمڕۆ لـەژێر دەسـەلاّتی سەلاحەدین دابوو، دەکریَ کورد ئەو دەوڵەتانە بەکوردستان بزانیَ؟! هەرچ نەبیَ، میرنشینی کرك–ی ئەیوبی لەئوردنی ئەمڕۆ بووە، ئوردن بەشێکە لەکوردستان؟! خۆئێستا لەئەوروپا زیـاتر لەسـیَ ملیـۆن کورد هەیە کەدەکاتە سیَ چوار دەوڵەتی کەنداو– کەچی هیچ کوردیَ بانگەشـەی کوردسـتانی ئـەورووپا ناکات!

## ئەنجـــــام

کورد بوون بەپلەیەك هەست بوون بـەکورد دەگەیـەنیَ. ئـەو هەسـتو، سـۆزە شـادەماری قـەومیی بوونە. کورد لەهەر پێنج بەشی کوردستاندا لەڕووی ژمارەوە بەقەد دە نەتەوەی مامناوەندیو بچووکە. سەرچاوە مێژووییەکان دوپا تی ئەوە دەکەن، کە بەر لەئیسلام بەشێك لـەکورد زەردەشـتی وبەشـێك مەجوسـی، بەشـێکی بچـوك جولەکـە، بەشـێکی تـر مەسـیحی بوونـە هـەتا خـودی مەسـحیەکانی کوردستانیش دان بەوە دەنێن. بەلاّم بەحوکمی ئەوەی ئەمیراتۆریەتی ئاشوری هاوسنوری کوردستان

بووە ومێژوویکی هەیە،هەندێ مەسیحی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەوان نەوەی ئاشوریەکانن .ئەمە پەیوەندی بە (دین)ە –وەنیە، چونکە ئاشوریەکان بەر لەمەسیحیەت ئەمپراتۆریەتی یان هەبووەو وەسەنی بوون! جا ئەگەر مەسیحیەك لەخۆهێشتی خۆی خۆی بەکورد نەزانێو ئەو هەستەی نەبی کە کوردە بێگومان لەخانەی کورد بوو دانابێ، کورد پێویستی پێ نیە، جا ئەو مەسیحییە خۆی بەئاشوری کلدانی، یاخود عەرەب دەزانێ، ئەوە پەیوەستە بەخۆی و ئەو عەلمانی بێ، دەسەلاتی سیکۆلار رێ، لەدینەکەی دەگرێ، بەلام ئەگەر حوکمی ولات ئیسلامیی بێ ئەو نەك رێز لەدینەکەی دەگیرێ لەبازنەی هاوولاتی بووندا، چەندەها مافی هەتا لەتاکی موسلمانیش زیاتردەبێ. وەك دەبێ ئاسایشی کەسی، سامانو بوون ودینەکەی بپارێزرێ، هەروەها ئەو نەسەربازی لەسەرەوە نەبا ج دانی سالانە– زەکات– بەلام هەرچی تاکی موسلمانە ئەگەر ئامادە نەبێ سەربازی بکاو یاخود زەکات بدات لەبازنەی ئیسلام دەردەچێ!

مەسیحیەکانی کوردستان تەواو دەرکیان بەوەکردووە، کەژیانیان تەواو لەگەل کوردە چ وەك برا چ وەك هاوولاتی یەك ولات، چونکە هیچ ژیرییەك تەقەبولی ئەوە ناکات کوردستان خاکی باپیرانی ئاشوری بێ، چونکە هەر لەسەردەمی ئاشوریش، دەولەتی میدیا هەبووە هەر ئەو دەولەتەش دەولەتی ئاشوری روخاندوە.

هەرچی مەسەلەی تورکمانە، ئەو وشەیە چ لە ( Turkman) هات بێ کەواتای (پیاوی تورك) دەگەیەنێ، یاخود ناوێك بێ بەگەلێکی جودا لە (تورك) یاخود چ توێژێکی ئەریستۆکرانی کۆمەلگەیەك بگەیەنێ، ئەمرۆ ئەوانە بوونی خۆیان لەکوردستان هەیە. بەرێگای دایەلۆك هەموشتێ چارەسەر دەکرێ.تورکمان هەرلەسەردەمی پاشایەتی هەتا راپەرینی بەهاری 1991 تەنیا یەك جار لەگەل کورد روبەرووی یەکتر بونەتەوە ئەویش لە تەموزی 1959 بوو. لەسەردەمی پاشایەتی دا، دەولەت ئامادە نەبوو دان بەبوونی (تورکمان) بنێ لەسەردەمی کۆماریدا (عێراق ولاتی عەرەبو کورد) بووە . بەواتای وەك نەتەوە تەنیا کوردو عەرەب هەبوونە، هەروەك چۆن لەکۆندا میدیەکان لەباکورو کلدانی یەکان لەباشوور هەبوونە. لەسەردەمی بەعسدا بەتایبەتی لەکورکوك رژێم هەولی داوە تورکمانی کەرکوك دەربکا، یاخود داوای گۆرینی (ناسنامەینەتەوەیی) یان لێ بکات، بەلام توندوتیژی رژێم بەرامبەر تورکمان بەهیچ جۆرێ وەك ئەوەی بەرامبەر کورد نەبووە.

هەرچۆنێ بێ تورکمان لەکوردستان هەن، ئەوانەی خۆیان بە کورد دەزانن، **ئەوا بەشێکن لەمالی کوردی، ئەوانەی خۆشیان بەغەیرە کورد دەزانن، ئەوا هاولاتی کوردستانو هەموو مافەکانیان پارێزەراوە، بەلام بەحوکمی ئەوەی هیچ شوێنێ لەکوردستان نیە سەد لەسەدی تورکمان بێ، وەك (سامی شەبەك) دەلێ، جا چۆن دەبێت دەولەت لەناو دەولەت بێ!**

لەئاینده بۆ ئەوەی کوردستان وڵاتی لێبوردەی ئایینیو نەتەوەو کەمایەتی نەتەوەییو کەمایـەتی ئایینی بێ، وا دەخوازێ چ لەپەرلـەمانو چ لەحکومـەت بەقـەد قـەبارەی ئاشـووریو تورکمـان، ئەنـدام پەرلەمان و وەزیری مەسیحیو تورکمان هەبێت.

## پەراوێزەکان


1- د. عبدالله مرقس رابي،الکلدان المعاصرون، عمان: دار الشرق، 2001، ص.21

2- ئەحمەد باوەڕ، جولەکەکانی کوردستانی، سلێمانی2000 ، ل 11-12.

3- سەرەچاوی پێشوو، ل.12

4- سرکیس ئاغاجان، کوردە مەسیحیەکان لەسەردەمی ساسانییەکاندا، هەولێر 1996، ل8-.14

5- ئەو هاوپەیمانێتیەیەکـەی خەسرۆی پاشای میدیایـەکان نەبووبـە لاسـەری پاشای بابلیـەکان درێکـی کوشندە بوو لەکیانی ئاشوریەکان درا.

سەرچاوەکان ئامـاژە بـەوە دەکـەن کەسـاڵی 610-609 ی. پ. ز مێـژووی کۆتـایی هـاتنی ئەمپراتۆریـەتی ئاشوریە لەرووی سیاسی و عەسکەری یەوە بۆ زیاتر بڕوانامەی ماسـتەر نامـەی (حیـاە ابـراهیم محمـد) بەناوی ئەبوخنەسەری دووەم، بەغدا 1981 لاپەڕەکانی 68هەتا .89

6- یوسف القرضاوي، الاقلیات الدینیة والحل الاسلامي بیروت: مؤسسة الرسالة 2000، ص.13

7- د.کمال مظهر، کرکوك وتوابعها حکم التأریخ والضمیر ، ج سلیمانی 2004 ، ص.5

8- سەرچاوەی پێشوو، ص.13

9- هەمان سەرچاوە ، ص.11

10- ابراهیم الداقوقي، اکراد الدولة العثمانیة، اربیل 2001، ص.14

11-د. جەبار قادر، پێکهاتەی نەژادی کەرکوك ، گۆڤاری شەفەق ژمارە (10) 2004، ل.8

12- هەمان سەرچاوە.

13- د. ازاد النقشبندي، اثـر نفـط کرکوك علـی ترحیـل الکـرد مـن کرکـوك وتعریبهـا، اربیـل 2001، ص30.

بـەگوێرەی سـەرژمێری 1957، (187593 کـوردو 83371 تورکمـانو 109620 عـەرەب لـەکورکوك هەبوونە. کەچی لەسەر ژمێر 1977، تەنیا( 137219) تروکمان لەسەرجەمی عیراق وە تەنیا (10260) واتە 69و0٪ تورکمان لەناوچەی حکومی زاتی هەبوونە.

14-طارق جمباز التطهیر العرقي للکورد والترکمان في کرکوك،اربیل 2003 .

15- عبدالخالق سەرسام، مێژووی هەولێرو برا تورکمانەکان،گۆڤاری هەولێر ژمارە (6) ل.6

16- جەبار قادر ،سەرچاوەی پێشوو.
17- عبدالخالق سەرسام سەرچاوەی پێشوو.
18- د. محمد طه الجاسم، تركية ميدان الصراع بين الشرق والغرب، بيروت 2002، ص 17.
19- جەبار قادر، سەرچاوەی پێشوو.
20- عەباس سلیمان سمایل،هەولێریی کوردن نەك تورکمان، گۆڤاری هەولێر ژمارە (12)، ل.7
21- عەباس هورمزیار چی دەربارەی کوردی سۆڤیەت نوسراوە.
22- گۆڤاری یەکگرتن، ژمارە (4) نەرویج.
23- گۆڤاری مەتین ژمارە (23) دهۆك.
24- سەرچاوەی پێشوو.
25- سەرچاوەی پێشوو.
26- گۆڤاری ئاڵای ئیسلام، ژمارە (1) ی 1993 کەنەدا.
27- محمد امین زەکی خولاصەی تأریخی کوردو کوردستان.
28- گۆڤاری مەتین ژمارە (69).
29- د. کەمال تۆقە،وەرگێرانی سەلام ناوخۆش، کرۆتۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ ،هەولێر 2000.
30- محمد سەلام، لۆزانی 1923 و لۆزانی 1990، هەولێر 2000، ل.8
31- عەباس سلێمان، سەرچاوەی پێشوو.
32- محمد سەلام، ماڤ مێژوویی غەیرە کورد ، رۆژنامەی پەیمان.
33- سەرچاوەی پێشوو.